

انتشارات کردستان

بسم الله الرحمن الرحیم

چوارینه‌کانی خه‌ییام

سرشناسه	:	خیام، عمربن‌ابراهیم، ۴۳۲ - ۵۱۷؟ق.
عنوان قراردادی	:	رباعیات. فارسی . کردی .
عنوان و نام پدیدآور	:	چوارینه کانی خه‌ییام(فارسی ـ کردی)/ سروده‌ی عمر خیام؛ برگردان به کردی سلام [سلیمانیه] .
مشخصات نشر	:	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۷.
مشخصات ظاهری	:	۲۳۷ ص.
شابک	:	۹۷۸ - ۹٦٤ ـ ۹۸۰ ـ ۰۵۹ ـ ۲
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	فارسی - کردی .
موضوع	:	شعر فارسی -- قرن ۵ق.
موضوع	:	شعر کردی -- قرن ۱۴ -- ترجمه شده از فارسی.
موضوع	:	شعر فارسی -- قرن ۵ق. -- ترجمه شده به کردی.
شناسه افزوده	:	سلیمانیه‌ای ، سلام، ۱۸۹۲ - ۱۹۵۹م.مترجم
رده بندی کنگره	:	PIR٤٦٢٥/ی۸۸ک٤١٣٨٧
رده بندی دیویی	:	۲۲/۱فا۸
شماره کتابشناسی ملی	:	۷۱۳۰۳۲۱

چوارینه‌کانی خه‌ییام

له‌گه‌ڵ ده‌قی شیعره فارسییه‌کانیدا

هۆنراوه‌ی: حه‌کیم عومه‌ری خه‌ییام

وه‌رگێڕوای: شێخ سه‌لام

انتشارات کردستان

سنندج

انتشارات کردستان

سنندج - پاساژ عزتی - تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲

چوارینه‌کانی خه‌یام

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	چوارینه‌کانی خه‌یام
✓ هۆنراوه (سروده‌ی):	حه‌کیم عومه‌ری خه‌یام
✓ وه‌رگێڕاوی (ترجمه):	شێخ سه‌لام
✓ که‌ره‌تی چاپ (نوبت چاپ):	یه‌که‌م (اول)؛ ۱۳۹۳
✓ ژماره‌ی چاپکراو (تیراژ):	۵۰۰۰ به‌رگ (جلد)
✓ ژماره‌ی لاپه‌ره و قه‌واره (تعد اد صفحه و قطع):	۲٤۰ صفحه جیبی
✓ بڵاوکه‌ره‌وه (ناشر):	بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی: ۶۰۰۰ تمه‌نه

شابک: ۲ ـ ۰۵۹ ـ ۹۸۰ ـ ۹۶۴ ـ ۹۷۸

ISBN: 978 - 964 - 980 - 059 - 2

سەرەتا

«غیاث الدین» ئەبولفەتح عومەر کوڕی ئیبراهیم خەییام یەکە دانشمەند و فەیلەسووفی خۆرهەڵاتە، لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی هیجری لە شاری «نەیشاپوور» لە دایك بووە و لە هەوەڵی سەدەی شەشەمدا مردووە و لە گۆڕستانەکەی نەیشاپووردا نێژراوە.

دانشمەندی ناوبراو ئەمەندە زۆر تەرجەمەی حاڵی لەلایەن دانشمەندانی

خۆرئاوا و خۆرهەڵاتەوە، نووسراوە هیچ پێویست نابینم دوور و درێژ بە تان‌وپۆیا بچم و لە بنج و تیرە و ڕەگەز و ژیانی بنووسم، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٩دا لەلایەن شاعری بەرزەوە «احمد حامد صراف» کتێبێکی بەناوی «تەرجەمە و تەئلیف» لەسەر عومەر خەییام نووسیوە. لام‌وایە لە هەموو نووسراوەکانی پێشوو ڕاست و دروستتر و دوور و درێژترە، هەر جۆرە زانینێك لە کار و کردەوەی حەکیمی ناودار خواهش بفەرمووی زۆر بە ڕێکوپێکی نووسراوە.

عومەر خەییام لە پێشا لە خۆرئاواوە ناوبانگی بەرز بووەوە چونکە شاعیری ناوداری ئینگلیز «فیتزگەراڵد» چەند ڕوباعییەکی بە ئینگلیزی گۆڕی؛ ئەو چەن

ڕوباعییە کارەساتێکی وای کرد ئەو شەرابە
کە عومەر خەییام لەکاتی ژیانا داوای ئەکرد
و بە ئاواتی نەگەی فیتزگرالّد بە ڕەنگی
دەرخواردی دا پارچە پارچە جومگەکانی
کە لەیەك ترازابوو و لەناو خاك و خۆڵی
گۆڕا ڕزابوو، سەرلەنوێ یەکی‌گرتەوە و
زیندوو بووەوە!. مەزهەبی تەناسوخەکەی
ڕاست دەرچوو لە جاران چاکتر هاتەوە
دنیا، لە هەموو یانەکانی ئاوروپادا لەلای
سەرەوە کورسی بۆ دانرا... بەڵێ فیتزگرالّدی
زیندوو عومەر خەییامی مردووی بە
ڕەنگی زیندوو کردەوە تا دنیا دنیابێ ئیتر
نەمرێ!

ئەگەر تۆزێ سەرنج لەم کار و بارە
بدەین زۆر باش دەرئەکەوێ کە عومەر
خەییامی مردووش شەربەتێکی

دەرخـــواردی فـــیتزگـــرالْد داوە کـــە لە خۆرهەلْات و خۆرئاوادا ناوبانگی وەکـوو خۆر بدرەوشـێتـەوە. کـردەوەی خـەییام لە کردەوەی گرالْد گەورەتر چونکە ئەو زیندوو بوو، مردووی زیندوو کردەوە، [بەلْام] ئەم مردوو بوو نەیهێشت ئەو لە دنیادا بمرێ، هەتا دنیا بمێنێ ئەمێنێ!. بەلْێ زۆر ڕاستە کە شاعیرێکی ئێران (رابیت کوردستانی) ئەلْێ:

دلیـران را پس از مـردن دلیـری بـیشتر گـردد
که چرم گرگ بعد از خود به پیل افکن سپر گردد

بەم وتارە بچووکە سەرەتاکەمان دوایی هێنا.

چۆن عومەر خەییامم کرد بە کوردی؟

هەرچەند تەماشای ئەو نووسراوانەم ئەکرد کە لە بابەت «خەییام»ەوە نووسراون سەرم سوڕئەما کە ئەم چەند چوار خشتەکییە بۆ بە چوار قوڕنەی دنیادا بڵاو بووەوە و بۆ بە هەموو زمانێك تەرجەمە کرا؟ جارێ ئەگەر بڵێین شاعیرێ وەکوو خەییام لە ئێرانا نەبووە ڕاست نییە؛ چونکە «سەعدی» شیرازی و «کەلیم»ی هەمەدانی و «شەوکەت»ی بوخاری و هتد... زۆر لەو شاعیرتر و پایە بەرزتر بوون. خۆ ئەگەر

بڵێین ئەم شێوەی چوار خشتەکییە کە سێ نیوەی موقەففا بێ و نیوەی چوارەم بێ قافیە بێ تەنها عومەر خەییام وای هێناوە، ئەمیش هەرچەند ئەوەندە ئیشێکی زۆر گەورە نییە چونکە ڕوباعی زادەی غەزەل و قەسائیدە و لە پێش خەییامەوە «باباتاهێر»ی هەمەدانی لەسەر ئەم شێوەیە ڕوباعیاتی وتووە، ئەوەندە هەیە کە ڕوباعیاتی باباتاهێر لەسەر وەزنی ڕوباعیاتی خەییام نییە بەڵام یەک شێوەیە.

زۆر بە بەریا ناچم تەماشام کرد، ڕوباعیاتی خەییام بە هەموو زمانێ تەرجەمە کراوە و هیچ کاتێ تەواو نابێ ساڵ لە ساڵ زیاتر شوعەرا و ئودەبا بە نەسر و نەزم پەیتا پەیتا تەرجەمەی تازە ئەکەنەوە، زۆرم لا گران بوو کە ئەم ڕوباعیاتە بە کوردی تەرجەمە نەکرێ.

ســـالّی ١٩٣٨ له «حـلّه» مـه‌ئموور زه‌راعـه‌ت بـووم بـڕیارم دا که بـه شـیعر ڕوبـاعیاتی نـاوبراو بگـۆڕم بـه کـوردی، هـه‌ندێ نـوسـخه‌ی عـومـه‌ر خـه‌ییامم له مه‌کته‌به‌کانی به‌غدا کڕی، له ناو هه‌موویانا نووسراوه‌که‌ی «حسین دانش»م هه‌ڵبژارد و ده‌ستم کرد به گۆڕینی. له سالّی ١٩٣٩دا تاقه یه‌ك کوڕم بوو مـرد زۆر نـاڕه‌حه‌ت و دڵگیر بووم ئیتر نه‌متوانی هیچی تر هۆشم به‌لای شیعره‌وه بمێنێ:

کی شعر ترانگیز و خاطر که حزین باشد
یك نکته در این معنی گفتیم و همین باشد

ده‌ربه‌ده‌ری و ناره‌حه‌تی یـه‌ك له‌سـه‌ر یه‌ك ڕووی تێکردم، به‌ڕاستی له زۆر کاتا له ژیان بێزار ئـه‌بووم. هـه‌تا ئـیمسالّ دیسـان نه‌قڵیـان کـردم بـۆ بـه‌غدا یـه‌ك دوو جـار

هـــاوڕێی خـــۆشـــەویستم مـــامۆســـتا «عـەلائەدین سـەجادی»م زیـارەت کـرد، «مومي إليه» زۆر بۆ بڵاوبوونەوەی شـیعر و ئەدەبی کوردی لە تەقەلادا بوو، بـە شـێوە جوانەکەی خۆی فەرمووی: با کـتێبـێکـی چیرۆکی بچکۆلە بنووسین، بڕیارم بۆ دا. لە پاشا پـێمووت کـە: ئـەگـەر هـەڵئـەسووڕێ ڕوبـاعیاتی عـومـەر خـەییام کـە (۲۱۶) ڕوباعییە تەرجەمەم کردووە چاپی بکە زۆر مەمنوون ئەبم، خوا هەڵناگرێ مەردانە هاتە پێشەوە و لێی وەرگرتم و دەستی پێ کرد.

تکـای تـایبەتی لە خـوێنـدەوارانـی خۆشەویست ئەکەم کە بە چـاوی لوتـف تـەماشا و لە نـاڕێکـی و نـەزانـینمان چاوپۆشی بفەرموون

سەلام

۱

این کوزه چو من عاشق زاری بوده است
در بند سرزلف نگاری بوده است
این دسته که بر گردن او می‌بینی
دستی است که در گردن یاری بوده است

ئەم گۆزە وەك من عاشقێ بوو زار
بە تاڵی زولفی یارێ گرفتار
ئەو دەستە ئێستە تەوقی ملیەتی
دەستێ بوو، کام دەست؟! دەستی ملی یار

٢

پیش از من و تو لیل و نهاری بوده است
گردنده فلك برای کاری بوده است
زینهار قدم به خاك آهسته نهی
کان مردمك چشم نگاری بوده است

بەر له من و تۆ شەو و ڕۆژێ بوو
چەرخی جەفاکار ئەهات و ئەچوو
بۆ سەر ئەم خاکە پێ بە ئەسپایی
دانێ، چاوەکەم، چاوی یاری بوو

۳

این کهنه رباط را که عالم نام است
وارامگه ابلق صبح و شام است
بزمی‌ست که وامنده‌ی صد جمشید است
قصریست که تکیه‌گاه صد بهرام است

ئەم کەلاوەیە کە دنیای نامە
ئارامگاهی بەیانی و شامە
بەزمێکە لە سەد جەمشید جێماوە
قەسرێکە تەکیەی سێ‌سەد بەهرامە

٤

آن قصر که بهرام در او جام گرفت
آهو بچه کرد و روبه آرام گرفت
بهرام که گور می‌گرفتی همه عمر
دیدی که چگونه گور بهرام گرفت

ئه‌و قه‌سره که‌وا به‌هرام بوو خێوی
لانه‌ی ئاسکه، جێ ڕاوی ڕێوی
به‌هرام چۆن گۆڕی کرد به بریانی
گۆڕیش به‌هرامی واکرد به شێوی

٥

در هـــر دشـــتی کـــه لاله زاری بـــوده است
آن لاله ز خـــون شـــهریاری بـــوده است
هر بـــرگ بـــنفشه کـــه از زمـــین مـــی‌رویـــد
خـــالیست کـــه بـــر رخ نگـــاری بـــوده است

ئـــەو دەشـــتە کـــەوا هـــەر لالەزارە
گـــوڵاڵەی خـــوێنی چـــەن شـــەهریارە
وەنەوشەی ڕەنگ‌شین لە خـــاك دێـــتەدەر
دەنکـــە خـــاڵەکـــەی ســـەرگۆنای یـــارە

٦

افسوس که سرمایه ز کف بیرون شد
و از دست اجل بسی جگرها خون شد
کس ناید از آن جهان که تا پرسم از او
که احوال مسافران عالم چون شد

.....●.....

دەستمایەی عومرم لە دەستم دەرچوو
بە پەنجەی ئەجەل‌جگەر کون کون بوو
ناگەڕێتەوە کەسێ لەو دنیا
تا لێی بپرسین: ئەحوالی مردوو

٧

افسوس که نامه‌ی جوانی طی شد
وین تازه بهارِ شادمانی دی شد
آن مرغ طرب که نامی او بود شباب
فریاد ندانم که کی آمد، کی شد

نامه‌ی جوانیم پیری زوو دڕی
غونچه‌ی به‌هاری شادی هه‌ڵوه‌ری
ئه‌و مه‌له که‌وا ناوی جوانی بوو
که‌ی هات نازانم! که‌ی؟ بۆ کوێ فڕی؟

٨

یـــاران مـــوافـــق هـــمه از دست شـدند
در پـــای اجـل یکـان یکـان پست شـدند
خـوردیـم ز یك شـراب، در مـجلس عـمر
دوری دو ســـه پـیشتر ز مـا مست شـدند

یارانـی هـاوسه‌ر له ده‌ستم ده‌رچـوون
له ده‌ریـای شـینی ئـه‌جه‌ل سـه‌رنگوون
هه‌ر یه‌ك شه‌راب و هه‌ر یه‌ك مه‌جلیس بوو
بـــه‌ڵام دوو ده‌وره له مـــن زیـاتر بـوون

٩

گویند بهشت و حور عین خواهد بود
و آن‌جا می ناب و انگبین خواهد بود
گر ما می معشوقه پرستیم رواست
چون عاقبت کار همین خواهد بود

ئەڵێن لە بەهەشت حۆری و غیلمانە
شەرابی ئاڵ و هەنگوینی شانە
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە
بۆ خۆم هەڵگرم بۆ ئەو زەمانە

١٠

گـــردون ز زمـــین هـــیچ گـلی بـر نـارد
تـــا نشکـــند و بـــاز بـــه گـــل نسپارد
گـــــر ابـــر چـــو آب خـــاك را بـــردارد
تـــا حشـــر از او خـــون عـــزیزان بـــارد

گەردوون لە زەوی گـوڵ نـاکـا دیـاری
نـــەیسپێرێ بـــە خـاك، بـڕوانـە کـاری
هەور لە جیاتی ئاو، گەر خاك هەڵبگرێ
خـــوێنی نـــازاران خـــوڕزەم ئـــەباری

١١

ابـــر آمـد و بـاز بـر سـر سـبزه گـریست
بـــی بـــاده‌ی گـــلرنگ نـمی‌باید زیست
این سـبزه کـه امـروز تـماشاگـه مـاست
تـا سـبزه‌ی خـاك مـا تـماشاگـه کـیست

ڕەهـــێڵە ئـەکـا هـەوری بـەهاران
بـۆ سـەبزەزاری ڕوخسـاری یـاران
سـەیرانگـای مـنە، ئـیمڕۆ ئـەم سـەبزە
بۆ سـەبزەی ئـێمە کـێ دێـتە سـەیران؟

١٢

هر سبزه که در کنار جویی رسته است
گویی ز لب فرشته خویی رسته است
هان بر سر سبزه پا به خواری نه نهی
کان سبزه ز خاك لاله رویی رسته است

سه‌وزه‌گیای تازه لێوی جوێبار
سروچکه ئه‌ده‌ن ده‌می نه‌وبه‌هار
نامه‌ردت نه‌که‌ن سه‌رنجی بده‌ن
نیشانت ئه‌دا، تازه خه‌تی یار

۱۳

تا هشیارم طرب ز من پنهان است
ور مست شوم در خردم نقصان است
حالیست میان مستی و هشیاری!
من بنده‌ی آن که زندگانی آن است

له هۆشیاریما شادیم مه‌حاڵه
وەك له مه‌ستیما عه‌قڵم به‌تاڵه
حاڵێکه به‌ینی مه‌ستی و هۆشیاری
به‌نده‌ی ئه‌و که‌سه‌م ئه‌و حاڵه‌ی حاڵه

١٤

ای دل چو زمانه می‌کند غمناکت
ناگاه برود ز تن جان پاکت
به سبزه نشین خوش بزی روزی چند
زان پیش که سبزه بردمد از خاکت

ئه‌ی دڵ زه‌مانه غه‌می لێت ئه‌وێ
گیانی شیرینت ده‌رئه‌چێ شه‌وێ
خۆش بژی ئێمڕۆ له سه‌بزه‌زارا
به‌رله‌وه سه‌بزه‌ی خاکت سه‌رکه‌وێ

١٥

چـــون ابـــر بـــه نـوروز رخ لاله بشست
بـرخـيز و بـه جـام بـاده کـن عـزم درست
که این سبزه کـه امـروز تـماشاگـه تُست
فـردا هـمه از خـاك تـو مـی‌خواهـد رست

.....●.....

بەهەوری نەورۆز گـوڵ چـاوی شـۆریا
تـۆ و پـیاڵە و شـەراب، دامـێنی چـیا
ئـیمرۆ تـێر سـەیری سـەوزە گـیا بکـە
سـبحەی لە خـاکت سـەوز ئـەبێ گـیا

١٦

گـــویند کـــه دوزخـــی بـود مـردم مست
قـــولیست خـلاف، دل در آن نـتوان بست
گـر عـاشق، مست دوزخـی خـواهـد بـود
فـــردا بـاشد بـهشت هـمچون کـف دست

پێم‌ئه‌ڵێن دۆزه‌خ مه‌خسووس بۆ مـه‌سته
بـــه‌م واتـــه‌واتـــه قـــه‌ت دڵ مـــه‌به‌سته
گه‌ر عاشق و مـه‌ست بـچنه جـه‌هه‌ننه‌م
به‌هه‌شت چۆڵ و هۆڵ وه‌ك به‌ری ده‌سته

١٧

می خور که به زیر گل بسی خواهی خفت
بی‌مونس، بی‌رفیق، بی‌همدم و جفت
زینهار به کس مگو تو این راز نهفت:
هر لاله که پژمرد نخواهد بشکفت

مەی بخۆ ئێستە، ئەچیتە ژێر گڵ
بێ‌ڕۆح، بێ‌ڕەفیق، بێ‌هاودەم، بێ‌دڵ
زینهار ئەم سیڕە ئاشکرا نەکەی
کە پەژمورده بوو گەشکە ناکا گوڵ

١٧

می خور که به زیر گل بسی خواهی خفت
بی‌مونس، بی‌رفیق، بی‌همدم و جفت
زینهار به کس مگو تو این راز نهفت:
هر لاله که پژمرد نخواهد بشکفت

مەی بخۆ ئێستە، ئەچیتە ژێر گڵ
بێ‌ڕۆح، بێ‌ڕەفیق، بێ‌هاوەم، بێ‌دڵ
زینهار ئەم سیڕە ئاشکرا نەکەی
کە پەژمورده بوو گەشکە ناکا گوڵ

١٨

آنـــان کـه مـحیط فـضل و آداب شـدند
و ز جـــمع کـمال شـمع اصـحاب شـدند
ره زیـــن شب تـــاریك نـــبردنـــد بـــرون
گـــــفتند فســـانه و در خـــواب شـــدند

.....●.....

ئـــه‌و حـــه‌کـــیمانه کـــه ســـه‌رده‌فته‌رن
خـــاوه‌نی عـــیلم و فـــه‌زڵ و هـــونه‌رن
له‌م شـــه‌وه‌زه‌نگه ڕێـــیان ده‌رنـــه‌کـــرد
هه‌رچه‌ن هاتن، چوون هـه‌ر بێ‌خه‌به‌رن

١٩

قـــومـــی ز گـــزاف در غـــرور افـــتادند
قـــومـــی ز پـی حـور و قـصور افـتادند
مـــعلوم شـــود چـــو پـــردهـــا بـردارنـد
کـــز کـــوی تـــو دور، دور افـــتادند

قـــەومێ مـــەشغوولّی درۆ و دەلەســـە
قەومێ هەر حۆری و بـەهەشتیان بـەسە
ئـــەم پـــەردە لاچـــێ ئـــاشکرا ئـــەبێ
دوورن، زۆر دوورن ئـەو جـۆرە کـەسە

٢٠

قـــومـــی مـــتفکرنـد در مـذهب و دیـن
جـــــمعی مـــتحیرنـــد در شك و یـــقین
نـــــاگـــاه مـــنادی در آیـــد ز کـــمین:
که‌ای بـی‌خبران راه نـه آن است، نـه ایـن

قـــه‌ومێ خـــه‌ریکی مـه‌زهه‌ب و دیـنن
هـــــه‌ندێ دامـــــاوی شك و یـــه‌قینن
هـــاکـــاها جـــارچی ده‌نگـی هـه‌ڵبڕی
هـه‌مووتان کـوێرن ڕێـی ڕاست نـابینن

٢١

از آمـــدن و رفـــتن مـــا ســـودی کـــو؟
و از تـــار امـــید عـــمر مـــا پـــودی کـــو؟
در چـــنبر چـــرخ جـــان چـــندین پـــاکـــان
مـــی‌سوزد، خـــاك مـــی‌شود دودی کـــو؟

گـــەر هـــاتنی مـــن قـــازانـــجی تـــۆیە
تـــانی تـــەونی ژیـــن بـــۆچی بـــێ‌پـــۆیە
لەنـــاو چـــەنبەری چـــەرخا گـــیانی پـــاك
بـــۆچی بســـووتێ، بـــۆ ڕەنـــجەڕۆیە

٢٢

مـــرغـی دیـدم نشسـته بـربارەی طـوس
در پـــــیش نـــهاده کـــلەی کـــیکاوس
بـا کـلّه هـمی‌گفت کـه افسـوس افسـوس
کو بانگی جرس‌ها و کـجا نـالەی کـوس؟

مـــەلێکم بـــینی لەســەر قـەڵای تـووس
لە ژێر چنگیا بوو کـەللەی کـەیکاووس
بەکەللەی ئەگوت: ئەفسووس سەدئەفسووس
کوانێ دەنگی زەنگ؟ کوانێ نالّەی کووس؟

۲۳

تـــوبه مکـــن از مـــی اگـرت مـی‌باشد
صـــد تـــوبه‌ی نـــادمانه در پـــی بـاشد
گـــل جـــامه دران، بـــلبل نـــعره زنـــان
در وقت چـــنین تـــوبه روا کـــی بـــاشد

نـــه‌کـه‌ی تـۆ تـه‌وبه له مـه‌ستی بکـه‌ی
چونکه له‌و ته‌وبه سـه‌د تـه‌وبه ئـه‌کـه‌ی
گـــۆڵ گـــه‌شکه بکـا، بـولبول بـخوێنێ
تۆ و پیاڵه و شه‌راب، شیشه و جامی مه‌ی

٢٤

گل صبح‌دمی به خود بر آشفت، بریخت
با باد صبا حکایتی گفت، بریخت
بد عهدی چرخ بین که گل در ده روز
سر بر زد، غنچه کرد، بشگفت، بریخت

دەمەو بەیانێ گوڵ کەوتە گرین
وتی بە سەبا بە دڵی غەمگین:
سەیری مووڵەتی چەرخی بەدخوو کە
بۆ دە ڕۆژ غونچە، گوڵ و هەڵوەرین

٢٥

بـــنگر ز صـــبا دامـــن گـل چـاك شـده
بـــــلبل ز جـــمال گـــل طـــربناك شـــده
در سایه‌ی گل نشین، که بسـیار ایـن گـل
از خـــاك بـر آمـده است بـا خـاك شـده

.....

بـــه شـــنه‌ی سـه‌با گـوڵ پـه‌رده‌ی دڕی
بـــولبول بـــه نـــاڵه ده‌نگـــی هـــه‌ڵبڕی
له ســـایه‌ی گـــوڵدا دانـــیشه کـــه گـوڵ
ئـــه‌بێتۆ بـــه خـاك، له خـاك ده‌ر پـه‌ڕی

٢٦

فـــردا عـــلم نـــفاق پـــی خـــواهـم کـرد
بـا مـوی سـفید قـصد مـی خـواهـم کـرد
پـــیمانه‌ی عـــمر مـــن بـه هـفتاد رسـید
این دم نکـنم نشـاط، کـی خـواهـم کـرد؟

داری بـــه‌یداخـی نـیفاق پـه‌ی ئـه‌کـه‌م
به مووی سـپیمۆ مـه‌یلی مـه‌ی ئـه‌کـه‌م
پـــــه‌یمانه‌ی ژیـــنم گـــه‌یشته حـــه‌فتا
ئێستاکه نه‌یکه‌م فه‌رموو کـه‌ی ئـه‌یکه‌م؟

۲۷

یك چـــند بـه کـودکـی بـه اسـتاد شـدیم
یك چـــند بـه اسـتادی خـود شـاد شـدیم
پـــایان سـخن نگـر کـه مـا را چـه رسـد
چـــون آب در آمـدیم، چـون بـاد شـدیم

چەندێ خـەریکی ئـاو و گـڵ ئـەبووین
یـــا بـــە ســەر بـادا ئـەهاتین ئـەچووین
قســـە هـــەزارە هـــەر دووی بـــەکـــارە
وەکوو «ئاو» هاتین وەکوو «با» ئـەڕۆین

٢٨

آن‌ها کـه کـهن شـدند، آن‌هـا کـه نـونـد
هـــرکس پس از آمـــدن یکـــایك بـرونـد
ایـن کـهنه جـهان بـه کس نـماند جـاوید
رفـــــتند، رونـــد، دگـــر آیـــند و رونـــد

پـیر و جـوان و تـازه‌ی نـۆ تـۆ نـوێ
یه‌ك به دوای یه‌کدا هه‌ر ئه‌ڕوا، هـه‌ردێ
ئـه‌م دنـیا تـاسه‌ر بـۆ کـه‌س نـامێنێ
هه‌رچی بێ ئه‌ڕوا! ڕۆیی و چی لێ‌دێ؟

٢٩

رنـــدی دیـــدم نشســته بـر خـنك زمـین
نـه کـفر، نـه اسـلام، نـه دنـیا و نـه دیـن
نه حق، نه حقیقت، نـه شـریعت، نـه یـقین
انـدر دو جـهان کـه را بـود زهـره‌ی ایـن؟

ڕەنـــدێکم بـــینی لە ڕووی سـەرزەمین
بـــێزار لە دنـــیا، بـــێزارتـــر لە دیـــن
حـەق، حـەقیقەت، شـەرێعەت، یـەقین
لەلای وەك پووش بوو! ئێوەش وا بـژین

٣٠

ایـــن چـــرخ طـــاسیست نگـــون افـتاده
در وی هـــمه زیـــرکـــان زبـــون افـــتاده
در دوســـتی شـــیشه و ســـاغر نگـــرید:
لب بـــــر لب در مـــیان خـــون افـــتاده

گـــەردوون تـــاسێکی دەمـــەونخوونە
دانـــــا لە ژێـــریا زار و زەبـــوونە
سـەیری دۆسـتیی پـیاڵە و شـیشە کـەن
خـــوێن لە بـــەینیانا بـادەی گـوڵگوونە!

٣١

از منزل کفر تا به دین یك نفس است
در عالم شك تا به یقین یك نفس است
این یك نفس عزیز را خوش دار:
چون حاصل عمر ما همین یك نفس است

.....●.....

بەین کوفر و دین، هەناسەیەکە
ڕێی شك و یەقین، هەناسەیەکە
خۆش بژی دەمێ بەشۆخ و شەنگی
کە عومری شیرین هەناسەیەکە

٣٢

ای دل ز زمـــانه رســـم احســـان مـطلب
و از گـردش دوران سـر و سـامان مـطلب
درمـــان طـــلبی درد تـــو افـــزون گـــردد
بـــا درد بســـاز، هـــیچ درمـــان مـــطلب

دڵـه له دنـیا چـاکـه‌ی چـیت ئـه‌وێ؟
چۆن ئـاسوودەیی بـەر تـۆ ئـەکـەوێ؟
داوای دەرمان کەی دەردت زیاد ئـەکـا
دەرمـانت نـەوێ، بـە دەرد بسـرەوێ

٣٣

گـــاویست در آســـمان، نـامش پـرویـن
یك گـــاوی دگـــر نـــهفته در زیـر زمـین
چشـــم خـردت گشـای چـون اهـل یـقین
زیـــر و زبـــر دو گـــاو مشـــتی خـــربین

گـــایەك له ئـاسمان نـاوی پـەروینه
گـــایەك کـــولّەکـــەی ژێـری زەمـینه
بـــه چـــاوی خـــیرەد ســـەرەنجه بـده
مـــابەینی دوو گـــا کـــەرگەل بـبینه

٣٤

چون لاله به (نوروز) قدح گیر به دست
با لاله رخی، اگر تو را فرصت هست
می‌نوش به خرمی که این چرخ کبود
ناگاه تو را چو خاك گرداند پست

که نه‌وڕۆز گوڵی خسته سه‌ر په‌نجه
له‌گه‌ڵ دولبه‌ری پڕ لاروله‌نجه
شه‌راب بنۆشه ئه‌م چه‌رخه شینه
«قاروونی» فه‌وتان، گه‌نجی هه‌ر ڕه‌نجه

٣٥

در دل نـــتوان درخت انـــدوه نشـــاند
هـــمواره کـــتاب خـــرمـی بـاید خـوانـد
مـــی بـــاید خـــورد، کـام دل بـاید رانـد
پیداست که چند در جـهان خـواهـی مـاند

.....●.....

لە دڵـــدا، داری خـــەفەت مـــەڕوێنە
کـــتێبی عـــەشق ئـــەشعار بـــخوێنە
شـــەراب بـــنۆشە، پـــیاڵەی پـــەیاپەی
بـــە پـــیاڵەی لەبـــڕێز ڕیشـــەی دەربـێنە

٣٦

چـون آمـدنم بـه مـن نـبود روز نـخست
و ایـــن رفـتن بـی‌مراد عـزمـیست درست
بـــرخـــیز، مـــیان بـبند ای سـاقی چُست
که اندوه جهان به می فرو خـواهـم شست

کـــێ له هـاتندا پـرسی پـێ کـرا؟
خـــۆ له مـــردندا هـــەر بـــه زۆر بـــرا؟
نـامەرد هـەی ساقی شـەرابـێ تـێکه
بـــۆ دنـــیای تـاریك هـــەر مـەیه چـرا

٣٧

از درس عـــلوم جـــمله بـــه گـــریزی بـهْ
و انـــدر ســـر زلف دلبـــر آویـــزی بـــهْ
زان پـــیش کـــه روزگـــار خـــونت ریـــزد
تـــو خـــون قـــنینه در قـــدح ریـــزی بـهْ

له عـــیلم و فـــنوون لاده بـــه‌تاڵه
بـــه ئـــاڵی زوڵـــف، ئـــه‌و چـــاوه کـــاڵه
بـــه‌ر له‌وه ئـــه‌جه‌ل خـــوێنت بـــڕێژێ
خـــوێنی ســـوراحـــی بـــڕێژه پـــیاڵه

٣٨

بـر روی نکـوی و لب جـوی و مـل و ورد
تـا بـتوانـم عـیش طـرب خـواهـم کـرد
تـا بـوده‌ام و بـاشم و خـواهـم بـودن
می‌خورده‌ام و مـی‌خورم و خـواهـم خـورد

من و گوڵ‌ڕوخسار، سه‌وزه‌گیا و ناو گوڵ
هـه‌تا بـتوانـم کـه‌یف ئـه‌کـه‌م بـه دڵ
تـا بـبم، ئـه‌ژیم، ئـه‌بم، ئـه‌مێنم
خواردوومه، ئه‌یخۆم شه‌رابی سـه‌رچڵ

٣٩

ای دوست بیا تا غم فردا نخوریم
و این یك دمی عمر را غنیمت شمریم
فردا که ازین دیر کهن در گذریم
با هفت هزار ساله گان برابریم

ڕەفیّق قەت غەمی بەیانی مەخۆ
بەم تۆزە عومرە مەبە دەسخەڕۆ
ئەوانەی ئەژین حەفتا هەزار ساڵ
وەك یەکە لای من، من و ئەو و تۆ

٤٠

در دهـــر هـــر آن‌کـــه نـــانی دارد
و از بـــــهر نشست آشـــیانی دارد
نـــه خـادم کس بـود، نـه مـخدوم کسـان
گـو: شـاد بـزی کـه خـوش جـهانی دارد

ئـــەوەی له دونـــیا لەتـــێ نـــانی بـــوو
کـــــەلاوە کـــــۆنێ، ئـــــاشیانی بـــوو
پیاوی کەس نەبێ، کـەس پـیاوی نـەبێ
هـــەر ئـــەو ژیـــاوە، ئـــەو ژیـانی بـوو

٤١

گر ملك تو مصر، روم، چین خواهد بود
و آفاق زمین زیر نگین خواهد بود
خوش باش کزین جهان نصیب من و تو
ده گز کفن، دو گز زمین خواهد بود

.....●.....

با مولّکی تۆبێ میسر و ڕۆم و چین
له ژێر پێتا بێ سارای سه‌رزه‌مین
به‌شی من و تۆ هه‌ر وه‌کوو یه‌که
ده گه‌ز که‌فه‌ن و یه‌ك دوو گه‌ز زه‌مین

٤٢

ای بـــر ســـر ســـروران عـــالم فـــیروز
دانی کـه چـه وقت مـی بـود روح افـروز؟
یکشـــنبه و دوشـــنبه، ســـه‌شنبه و چـار
پـــنج‌شنبه و آدیـــنه و شـنبه؛ شب و روز

«شیرین» شیرینی فه‌رموو بـه خـه‌سره‌و
که که‌ی مه‌ی بـه ڕۆح ئـه‌بخشی بـره‌و؟
یه‌ك شه‌م، دووشه‌ممه، سێ‌شه‌ممه و چوار
پێنج‌شه‌ممه، جومعه، شه‌ممه، ڕۆژ و شه‌و

٤٣

عشـــقی کـــه مـــجازی بـــود آبش نـــبود
چـــون آتش نـــیم مـــرده تـــابش نـــبود
عاشق باید کـه ســال و مـاه و شب و روز
آرام و قـــرار و خـــورد و خـــوابش نـــبود

عـــەشقی مـەجازی عـەشقێکی وشکـە
وەکـــوو ئـــاگـری قـامیش و پـووشکە
عاشقی بـێ‌قەرار ڕۆژ و مـانگ و سـاڵ
خـــواردن و خـەوتن مـار و دووپشکـە

٤٤

امشب مـی جـام یك مـنی خـواهـم کـرد
خود را به دو جام مـی غـنی خـواهـم کـرد
اول سه طـلاق عـقل و دیـن خـواهـم داد
پس دخـــتر رز را بـــه زنـی خـواهـم کـرد

ئـیمشه‌و پـیاڵه‌ی یـه‌ك مـه‌نی ئـه‌کـه‌م
بـه دوو پـیاڵه مـه‌ی دڵ غـه‌نی ئـه‌کـه‌م
هه‌ر شه‌ش ته‌ڵاقی عـه‌قڵ و دیـن ئـه‌ده‌م
ئه‌وسا «کچی ره‌ز» خـوازبـێنی ئـه‌کـه‌م

٤٥

ای دل چـــو حـقیقت جـهان هست مـجاز
چندین چه بری خـواری از ایـن رنـج نـیاز
تـــن را بـــه قـضا سـپار و بـا وقت بسـاز
کـه ایـن رفـته قـلم ز بـهر تـو نـاید بـاز

دنـــیا بـــه تـه‌حقیق هـه‌ووی مـه‌جازه
راز و نـــــیازی تـــــیادا مـــــه‌خوازه
ســینه‌ت قـــه‌ڵغانی تـــیری قـــه‌زا بـــێ
قـــه‌ڵه‌م چـــی نـــووسی، تـێپه‌ڕی تـازه

٤٦

زان پیش که غمهات شبیخون آرند
فرمای که: تا باده‌ی گلگون آرند
تو زر نه‌ای غافل نادان که ترا
در خاك نهند، باز برونت آرند

بەر لەوە کە غەم بکا شەبیخوون
پەیا پەی تێکە، تۆ بادەی گوڵگوون
خۆ تۆ ئاڵتوون نیت هەی قەڵبی نادان
جارێ تر لە خاك نابینی دەرچوون

٤٧

بـــر ســـنگ زدم دوش ســـبوی کـــاشی
ســر مست بـودم کـه کـردم ایـن اوبـاشی
بـــا مـــن بـــه زبـــان حـال گـفت سـبو:
من چو تو بدم، تو نـیز چـون مـن بـاشی

قـاپێکی شـووشەم دا لەبـەرد، بـوو ورد
مەستو سەرخۆش بووم، زۆر نابەجێمکرد
شکـــا، زرەی هـات، زیـرانـی و وتـی:
پیاوێ بووم وەك تۆ، خاوەن زەد و خورد

٤٨

هـــر گـه کـه بـنفشه جـامه در رنگ زنـد
در دامـــن گـــل بـــاد صـــبا چـنگ زنـد
هشـــیار کســـی بـــود کـــه بـا سـیمبری
مـــی‌نوشـد و جـام بـاده بـر سـنگ زنـد

کـــاتێ وەنـــەوشە ڕەنگ شـین هـەڵێنێ
شـــنەشن شـــەماڵ گـــوڵ ئـــەجووڵێنێ
هـــوشیار کـــەسێکە هـــاوشانی دولبـەر
شـــەراب بـــنۆشێ، شـــیشە بشکـــێنێ

٤٩

دوران جـــهان بـی مـی سـاقی هـیچست
بـــی‌زمـــزمـه‌ی نـای عـراقـی هـیچست
هـــر چـــند در احـــوال جـــهان مـی‌نگرم
حاصل هـمه عشـرتست، بـاقی هـیچست!

دنـــیا بـێ مـه‌ی و بـێ سـاقی هـیچه
بـێ زه‌مـزه‌مه‌ی نـای عـێراقـی هـیچه
ســـه‌راپـــا دنـــیا ســـه‌رنجه ئـه‌ده‌م
حـــاسڵ عـــوشره‌ته، مـــاباقی هـیچه

٥٠

ابـــــریق مـــــی مـــرا شکســـتی ربّـــی
بـــــر مـــــن درِ عـــیش را بـــبستی ربّـــی
بـــــر خـــاك فگـــندی مـــی گـلگون مـرا
خاکم بـه دهـن مگـر تـو مسـتی ربّـی؟!

شـــووشه‌ی شـــه‌رابت شکـــانم خـــودا
داتـــــخست ده‌روازه‌ی ژیـــانم خـــودا
مـــن لێـــمدا کـــه‌چی وا تـۆی گـرتووه
قـــڵپ قـــڵپ شـــه‌رابت ڕژانـــم خـــودا

٥١

نـــا کـــرده گـــناه در جـــهان کـــیست بگـــو؟
آن‌کس که گنه نکـرد چـون زیست بگـو؟
مـــن بـــد کـــنم و تـــو بـــد مکـــافات دهـــی
پس فرق مـیان مـن و تـو چـیست بگـو؟

کـــێ گـــوناه نـــاکـــا؟ کـێیه پـێم بـڵێ
هیچ کـه‌س، بـێ گـوناه کـێیه پـێم بـڵێ
که من به‌د بکه‌م، تۆش هه‌ر بـه‌د بکـه‌ی
فـــه‌رقی مـــن و تـــۆ چـــییه پـێم بـڵێ؟

٥٢

صـــــیاد ازل کـــــه دانـــــه در دام نـــــهاد
صـــــیدی بگـــرفت آدمش نـــام نـــهاد
هـــر نـیك و بـدی کـه مـی‌رود در عـالم
او مـــی‌کند و بـــهانه بـــر عـــالم نـــهاد

سـه‌ییادی ئـــه‌زه‌ل داوی نـــایه‌وه
دانـــه‌ی بـــۆ ئـــاده‌م خســـته کـــایه‌وه
فـــیتی خـــۆیه‌تی، عـــاله‌م بـــه‌د نـــاوه
«نَـــعم» بـــه‌هانه بـــه «بَـــلیٰ»یـــه‌وه

٥٣

در گـــوش دلم گـفت فـلك پـنهانی:
حکـم کـه قـضا بـود ز مـن مـیدانـی؟
در گـردش چـرخ اگـر مـرا دست بُـدی
خـود را بـرهـاندمی ز سـرگـردانـی!

.....●.....

دای بـه گـوێی دڵـدا فـه‌ڵه‌ك پـه‌نهانی
تـۆ چـه‌وت و چـێڵی له مـن ئـه‌زانـی
له‌م ده‌وره و پـێچه گـه‌ر ده‌سـتم ئـه‌بوو
خـۆم نـه‌جات ئـه‌دا له‌سـه‌رگه‌ردانـی

٥٤

گـــر مـــن ز مـــی مـغانه مســتم هســتم
گـــر کـــافر گـــر بت پـــرســـتم هســـتم
هـــر طـــائفەای بـــه مـــن گـمانی دارنـد
من زان خـودم، چـنان چـه هسـتم، هسـتم

ئـــەگـــەر بـێ دینم، گـــەر بـــێ ئیمانم
ئـــەگـــەر ســـەرخۆشی مـەیخانەکـانم
هـــەرکەس بـــە ڕەنگـێ لە مـن تـێئەگـا
مـنیش هـەر ئـەوەم کـە خـۆم ئـەیزانـم

٥٥

بـــــر رهگـــــذرم هـــزار جـــا دام نـــهی
گـــوی کـــه بگـــیرمت اگـــر گـام نـهی
یك زره ز حکـم تـو جـهان خـالی نـیست
تـــو حکـــم کـــنی و عـــاصیم نـام نـهی

ڕێـــبازم هـــهموو بـــه «داو» تـــهنراوه
بـــۆ هـــهر لا بـــڕۆم ڕێـــم لێ گـــیراوه
دنـــیا وهك هـــهوا پـــڕه له حـــوکمت
حوکم تۆ ئه‌یکه‌یت، مـن عـاسیم نـاوه!

٥٦

از آب، گـلم سـرشـته‌ای، مـن چـه کـنم؟
وین پشم و قصب تو رشته‌ای من چه کنم؟
هر نیك و بدی کـه از مـن آیـد بـه‌وجـود
تو بر سر مـن نـوشـته‌ای، مـن چـه کـنم؟

مـنت دروست کـرد له گـڵ و له ئـاو
خـوری و قـامیشت هـۆنده‌وه تـاوتاو
چاکـه، خـراپـه، هـه‌رچی کـه ئـه‌یکه‌م
یه‌ك یه‌ك تۆ نووسیت، من ئه‌که‌ی به‌دناو

٥٧

آورد بـــه اضـــطرارم اول بـــه‌وجـــود
خـــبر حـــیرتـــم از حـــیات چـــیزی نـــفزود!
رفـــتیم بـــه اکـــراه، نـــدانـــیم چـــه بـــود:
زیـــن آمـــدن و بـــودن و رفـــتن مـــقصود؟

زۆر بـــه پـــه‌له پـــه‌ل بـــۆ دنـــیا هـــاتم
حـــیره‌تی زیـــاد کـــرد ده‌وره‌ی حـــه‌یاتم
نه‌مزانی چی بوو مه‌قسوودی گـــه‌ردوون
له‌م هـــاتوچۆیه، بـــوون و مـــه‌ماتم

٥٨

جامیست که عقل آفرین می‌زندش
صد بوسه ز مهر برجبین می‌زندش
وین کوزه‌گری دهر چنین جام لطیف
می‌سازد، باز بر زمین می‌زندش!؟

وجوود جامێکه عەقڵ ئەنوێنێ
خیرەد لە لێوی سەد ماچ ئەسێنێ
سەیرە شیشەگەر ئەم شیشە جوانە
بۆ دروست ئەکا؟ بۆ ئەیشکێنێ؟!

٥٩

با یار چو آرمیده باشی همه عمر
لذات جهان چشیده باشی همه عمر
هم آخر عمر رحلتت باید کرد!
خوابی باشد که دیده باشی همه عمر!

عومرت له‌گه‌ڵ یار گه‌ر به‌سه‌ر بێنی
هه‌موو هه‌ر به ناز بۆسه بسێنی
ئاخری ئه‌مری، هه‌ر ئه‌بێ بڕۆی
دونیا خه‌وێکه ساتێ ئه‌یبینی!

٦٠

از گـــردش ایـــن دایـــرەی بـــی‌پایان
بـــر خـــورداری دو نـــوع مـــردم را دان:
یـــاباخبری تـــمام از نـــیك و بـــدش
یـــا بـــی‌خبری از خـــود و از حـــال جـــهان!

دووکـــەس لەم دنـــیا ئـــیشیان تـــەواوە
چـــەرخ وەکـــوو خـــەڕەك لایـــان ســـواوە
یـــــەك: خـــــەبەرداریّ تـــەواو تـــێگا
دوو: بـــیّ‌خەبەربیّ لەم بـــەن و بـــاوە!

٦١

گردون نگری ز عمر فرسوده‌ی ماست
جیحون اثری ز اشك آلوده‌ی ماست
دوزخ شرری ز رنج بیهوده‌ی ماست
فردوس دمی ز وقت آسوده‌ی ماست

گەردوون تاقێکی عومری تاڵمانه
جەیحوون فرمێسکی ئەشکی ئاڵمانه
بەهەشت ساتێکی شادی ژیانه
دۆزەخ پزیسکەی ناڵەی ناڵمانه

٦٢

یك نان به دو روز اگر شود حاصل مرد
و ز کوزه‌ی شکسته دمی آب سرد
مأمور کسی چرا باید بود
یا خدمت چون خودی چرا باید کرد؟

بە دوو ڕۆژ نانێ پەیدا بکا پیاو
گۆزە شکاوێ لەگەڵ دوو قوم ئاو
بۆچی خزمەتی ئەم و ئەو بکا؟!
وەیا مەئموور بێ درۆ و چاو و ڕاو

٦٣

از جـــرم حـــضیض خـــاك تـا اوج زحـل
كـــردم هـــمه مشكـــلات گـردون را حـل
بـــرون جســـتم ز بـند هـر مكـر و حـیل
هـــر بـــند گشـاده شـد مگـر بـند اجـل

له نـەرمی زەوی تـا بـەرزی «زوحـەل»
چەن گرێ هەبوو یەك یەك كـردم حـەل
له مەكـر و حـیله دەرچـووم پـەله پـەل
وەك خـۆی مـایەوە مـوشكیلی ئـەجەل

٦٤

ای مـــفتی شـــهر از تـــو پـــرکـــارتـــریم
بـــا ایـــن هـــمه مســـتی ز تـــو هشـــیارتـــریم
تو خون کســان خـوری و مـا خـون رزان!
انـــصاف بـــده کـدام خـون خـوارتـریم؟

ئـــێمه، ئـه‌ی مـوفتی! زۆر بـێ‌ئازارین
که زۆر سه‌رخۆش بین زیاتر بـێدارین
تۆ خوێنی که‌س و ئێمه‌ش خـوێنی ڕه‌ز
هه‌ردوو ئه‌یخۆینۆ، کێمان خوونخوارین؟

٦٥

مـــاییم خـــریدار مـــی کـــهنه و نـــو
وانگـــاه فـــروشـــنده‌ی جـنت بـه دو جـو
دانی که پس از مرگ کـجا خـواهـی رفت؟
می پـیش مـن آر، هـر کـجا خـواهـی رو

.....●.....

مـــنم مشـــته‌ری مـــه‌یی کـــۆنه و نـــۆ
ئـــێمه بـــه‌هه‌شتمان داوه بـــه دوو جـــۆ
بۆ من شـه‌راب و تـۆ دنـیا و بـه‌هه‌شت
بـــۆ هـه‌ر لا ئـه‌ڕۆی فـه‌رموو زوو بـڕۆ

٦٦

یـــارب تـــو جـــمال آن مـــه مـــهرانگـــیز
آراســـــته بـــــه ســـــنبل عـــــنبربیز
پس حکم هـمی کـنی کـه: در وی مـنگر!
این حکـم چـنان بـود کـه: کـجدار مـریز!

جوان دروست ئەکەی نـاسکتر لە گـوڵ
ئەگریجە و پەرچەم، عەنبەر و سـونبوڵ
نابێ سـەیری‌کەم، سـەیرە ئـەم حـوکمە
«دێزە هـەڵ نـەچێ بـێتە کـەف و کـوڵ»

٦٧

افـــلاك كـــه جـــز غـــم نـــفزايـــند دگـــر
نـــــنهند بـــــه‌جا تـــا نـــربايند دگـــر
نـــــاآمدگان اگـــر بـــدانـــند كـــه مـــا
از دهـــر چـــه مـــى‌كشيم، نـــايند دگـــر

فـــــەلەك لافـــاوى غـــەم هـــەڵئەسێنێ
يـــەكـــێ لائـــەدا، يـــەكـــێ ئـــەفڕێنێ
مەعدووم بزانـێ ئەحوالـى مـەوجوود
بۆ ســەر ئـەم دنـيا كـێ پـێ هـەڵدێنێ؟

٦٨

مـــا خـرقـه‌ی زهـد بـر ســر خُـم کـردیـم
و از خـــاك خـــرابـــات تـــیمم کـــردیـم
شـــــاید بـــــه در مـــیکده‌ها دریـــابیم:
آن عـــمر کـه در مـدرسـه‌ها گـم کـردیـم

خه‌رقه‌م سه‌رپۆشی سه‌ر سه‌ری خـومه
خـــۆڵی مـه‌یخانه‌م بـۆ تـه‌یه‌ممومه
جـێ شـه‌وی مـنه گـۆشه‌ی مـه‌یخانه
ڕێگـه‌ی مـزگه‌وتم بـه ڕۆژ لێ گـومه

٦٩

عمرت چه دوصد بود، چه سیصد، چه هزار
ز این کهنه سرا برون برندت ناچار
گر پادشهی و اگر گدای بازار
این هر دو یك نرخ بود آخر کار

عومرت دووسه‌د بێ سێ‌سه‌د بێ، هه‌زار
له‌م وێرانه‌یه ده‌رئه‌چی ناچار
هه‌ردوو یه‌ك نرخه، هه‌روه‌کوو یه‌که
پاشای شاران بی یا گه‌دای بازار

٧٠

گـــویند بـــهشت و حـور و کـوثـر بـاشد
جوی مـی و شـیر و شـهد و شکـر بـاشد
یك جـام بـــده بـــه یـــاد آن ای ساقی
نـــــقدی ز هـــزار نســـیه بـــهتر بـــاشد

ئه‌ڵێن له بـه‌هه‌شت حـۆری و کـه‌وسه‌ره
جـۆگـه‌ی شـه‌راب و شـیر و شـه‌کـه‌ره
جـامێ شـــه‌رابـــم بـــۆ تـــێکه ساقی!
حـازر بـێ کـه‌م بـێ له‌قـه‌رز چـاکـتره!

٧١

یك جرعه‌ی می، ملك جهان می‌ارزد
خشت سر خُم، هزار جان می‌ارزد
آن كفه كه لب ز می به دو پاك كنند
حقا كه هزار طیلسان می‌ارزد

.....●.....

دڵۆپێ شەراب دونیا ئەهێنێ
خشتی سەر كووپە، ڕۆح ئەجوولێنێ
ئەو پەشتەماڵە لێوی پێ ئەسڕن
قیمەتی هەزار بەرماڵ ئەشكێنێ

٧٢

ایـــن اهـــل قـبور خـاك گشـتند و غـبار
هـــــر زره ز هـــــر زره گـــرفـــتند کـــنار
آه این چه شرابـیست کـه نـاخورده درست
بـی‌خود شـده، بـی‌خبرنـد از هـمه کـار؟!

مردووی قه‌برستان بوون به تۆز و خـاك
زه‌ڕه‌ له زه‌ڕه‌ تـــــرازان تـــاك تـاك
وای له‌م شـــه‌رابـــه هـه‌ر بـه یـه‌ك پـیاڵه
بێ‌خه‌به‌ر، بێ‌هۆش عـاله‌م بـوو هـیلاك

۷۳

آن‌گـــه کـــه نـــهال عـــمر مـــن کـــنده شـــود
و اجـــــزام ز یکـــدگر پـــراکـــنده شـــود
ور زان که صـــراحـــی‌ای کـــنند از گـــل مـــن
حـــالی کـــه پـــر از مـــیش کـــنی زنـــده شـــود

کـــه‌ی گـــه‌ڵای عـــومرم له دار تـــرازا
جـــومگه‌م یـــه‌ك له یـــه‌ك داخـــزا، ڕزا
خـــاکـــم ســـوراحـــی بکـــه‌ن پڕ له مـــه‌ی
پـــژمه‌یه‌ك ئـــه‌کـــه‌م، هـــه‌ڵئه‌ستم ئـــازا

٧٤

بـــر خـــیز مـــخور غـــم جـــهان گـذران
خوش بـاش، دمـی بـه شـادمانی گـذران
در طـــبع جـــهان اگـــر وفـــای بـــودی
نـــوبت بـــه تـو خـود نـیامدی از دگـران

هـــەڵسه غـــەم مـــەخۆ، دنـیا وەك بـایه
بـــه شـــادی بـــژی، دەرچـــۆ لەم کـایه
گـــەر دنـــیا ســـەری وەفـــای بـــوایـه
لەبـــەر خـــەڵق نـــۆرە بـــۆ ســـەر تـــۆ نـایه

٧٥

ایـــن چـرخ فـلك بـهر هـلاك مـن و تـو
قـــصدی دارد بـــه جـان پـاك مـن و تـو
بـر سـبزه نشـین، پـیاله کش، دیـر نـماند
تـــا سـبزه بـرون دمـد ز خـاك مـن و تـو

گـــیانه دوشـــمنه ئـــەم چـــەرخه پـیره
دوشـــــمنی گـــیانی پـــاشا و وەزیـــره
کـۆڕی بـه حـەڵقه لەسـەر سـەوزه گـیا
هـــاکـــا له خـــاکت گـیا دای زنـجیره

٧٦

با سرو قدی تازەتر از خرمن گل
از دست مده جام می و دامن گل
زان پیش که ناگه شود از گرگ اجل
پیراهن عمر تو چو پیراهن گل

لەگەڵ یارێکدا وەك خەرمانەی گوڵ
بگرە شەراب و شیشە، گوڵ و موڵ
بەر لەوەی گورگی ئەجەل کراست
بدڕێنێ، بدڕە تۆ دامانی گوڵ

٧٧

ساقی، گل و سبزه بس طربناك شده است
در یاب که: هفته‌ی دگر خاك شده است
می نوش و گلی بچین که تا در نگری:
گل خاك شده است و سبزه خاشاك شده است

ساقی! سه‌وزه‌گیا و گوڵ تێك‌ئاڵاوه
تێپه‌ڕی به‌هار حه‌وت ڕۆژی ماوه
شه‌راب بنۆشه، سبحه‌ی ئه‌یبینی
گوڵ، خاك، گیا، درك، سه‌بزه فه‌وتاوه

٧٨

در دایـــــره‌ی ســـپهر نـــا پـــیدا غـــور
می نوش به خوش‌دلی که دور است به جور
نـــوبت چـــو بـــه دور تـــو رسـد آه مکـن
جـامیست کـه جـمله را چشـانند بـه دور

دائـــیره‌ی گـــه‌ردوون بـــه‌حری بـــێ‌بنه
شـــه‌راب بـــنۆشه، چـــه‌رخ دوشـــمنه
ده‌ور ئـه‌دا ئـه‌جه‌ل، ده‌وره‌ت دێـــته‌سه‌ر
شـــه‌رابـــی مـــه‌رگ چـــاره‌ی چـه‌شتنه

٧٩

بـــــردار پـــــیاله و ســـبو، ای دلجـــو
بـــــرگـــرد بگـــرد ســـبزه‌زار و لب جـــو
کـــه ایـــن چـرخ بسـی قـد بـتان مـهْ رو
صـــد بـــار پـیاله کـرد و صـد بـار سـبو

سـوراحـــی و پـیالّه یـاری دلّ نـازدار
هـــه‌لّگره بـــرِوّین، بـــوّ گـویّ‌سه‌بزه‌زار
له قـــه‌د و بـــالّای یـاران ئـه‌م چـه‌رخه
سه‌د بار پیالّه‌ی کرد، سوراحی سه‌دجار

٨٠

طـبعم هـمه بـا روی چـو گـل پـیونـدد
دسـتم هـمه بـا سـاغر مُـل پـیونـدد
از هـر چـیزی نـصیب خـود بـردارم
زان پـیش کـه جـزءهـا بـه کـل پـیونـدد

تەبعم لەگەڵ ڕووی وەك گوڵ تێکەڵ بێ
دەست و پیاڵە، گوڵ چڵ تێکەڵ بێ
من لە هەر باغێ گوڵێ ئەچنم
بەر لەوە ئەجزام بە گڵ تێکەڵ بێ

۸۱

اسرار ازل را نه تو دانی و نه من
و این حرف (معما) نه تو خوانی و نه من
هست از پس پرده گفتگوی من و تو
چون پرده برافتد نه تو مانی و نه من

.....●.....

سه‌تری ئێزه‌دی هیچمان نایزانێ
هه‌روه‌ك مه‌ته‌ڵه، کێ هه‌ڵی دێنێ؟
له‌پشت پرده‌وه گفتوگۆمانه
ئه‌و پرده لاچێ، که‌سمان نامێنێ

٨٢

بســـیار بگشـــتیم بگشـــتی در و دشت
انـــدر هـــمه آفـــاق بگشـــتیم بـــه گشت
کس را نشـــنیدیم کـــه آیـــد زیـــن راه
راهـــی کـــه بـــرفت راهـــرو بـــازنگشت

ئـــێمه زۆر گـــەڕایـــن بـــه دەر و دەشـــتا
دنـــیام پشکـــنی ورد ورد لە گـــەشتا
بـــە دوو چـــاو نـــەمدی تـــاقە ڕێـــبواڕێ
بە دوو گوێش نـــەمبیست بـــێتەوە هـــێشتا

٨٣

اجـــزای پـــیاله کـــه در هـــم پـــیوست
اشکســـــتن او کـــــجا روا دارد مست؟
چندین سرو ساق نـازنـین و کـف و دست
از مهر که پیوست؟ بـه کـین کـه شکست؟

ئـــەو پـــیاڵە کـــەوا دە پـــوول ئـــەهێنێ
سەرخۆش مەستیش بێ هەر نـایشکێنێ
ئـــەم ســـەر و دەست و پـــەنجە شـــیرینە
کـــردگار بـــۆ ئـــەیکا و هـــەڵیەوەرێنێ

٨٤

مـــاییم درافـــتاده چـــون مـــرغ بـــه دام
دل خســـــته‌ی روزگـــار، آشـــفته مـــدام
سر گشـــته در ایـــن دایـــره‌ی بـــی در و بـــام
نـــا آمـــده بـــر مـــراد، نـــا رفـــته بـــه کـــام

کـــــه‌وتینه داو و دۆزاخـــه وه‌ك مـــه‌ل
هـــه‌ر فـــرته فـــرت و داخ و پـــه‌له پـــه‌ل
گـــیرۆده‌ی دنـــیای بـــێ‌درگا و بـــانین
هـــاتین بـــێ مـــوراد ئـــه‌ڕۆین بـــێ ئـــه‌مه‌ل

٨٥

دارنـــده چـــو تـــرکـــیب طـبایع آراست
از بهر چه او فگندش اندر کـم و کـاست؟
گر نیك آمد، شکســتن از بــهر چـه بـود؟
ور نیك نیامد این صـور، عـیب کـراست؟

.....●.....

له ڕێك‌خســـتندا زاتـــی کـــردگار
بـــۆ تـــه‌بائیعی دانـــا نـــاهه‌موار
گـــه‌ر ڕێکـــوپێکه شکـــانی له چـــی؟
وه‌گـــه‌ر نـــاڕێکه، کـــێیه گـــوناهکار؟

٨٦

هـر چـند کـه رنگ و بـوی زیـباست مـرا
چـــون لاله رخ و چـو ســرو بـالاست مـرا
مـعلوم نشـد کـه در طـرب‌خـانه‌ی خـاك
نـــــقاش ازل بـــهر چـــه آراست مـــرا؟

هه‌رچه‌ند ڕه‌نگ و ڕووم، جوان و ڕه‌نگینه
بـــاڵا وه‌ك ســه‌رو و ڕوومـه‌ت نـه‌سرینه
بـــه‌ڵام نـــازانـــم بـــۆ له دنـیادا
وا ڕازامـــــه‌وه، بـــۆ لام شـــیرینه؟

٨٧

آغـــاز روان گشـــتن ایـــن زریـــن طـــاس
و انـــجام خـــرابـــی چـنین نـیك اسـاس
دانســـته نـــمی‌شود بـــه مـــعیار عـقول
ســـنجیده نـــمی‌شود بـــه مـقیاس قـیاس

له گـــه‌رد و خـولی ئـه‌م چـه‌رخه شـینه
یـــا بـــۆ تـــێکچوونی ئـه‌م سـه‌رزه‌مینه
مـــه‌حه‌کـــی عـقل و تـرازووی قـیاس
قـــه‌ڵبه، ســـه‌ر ئـــه‌کـــا! فـه‌رموو بـیبینه

٨٨

شادی بطلب کە حاصل عمر دمیست
هر زرە ز خاك کیقبادی و جمیست
احوال جهان و اصل این عمر کە هست
خوابی و خیالی و فریبی و دمیست

کەیف بکە، ژیان نەفەس دانێکە
یەك زەرەیە لە خاك نەوشیروانێکە
ئەحوالی دنیا و ژیانی هەموو
خەو و خەیاڵ و تەفرەدانێکە!

٨٩

یك هـــفته شـراب خـورده بـاشی پـیوست
هـان تـا نـدهی بـه روز (آدیـنه) ز دست
در مـــذهب مـا شـنبه و آدیـنه یکـیست
جـــبار پـــرست بـــاش نـــه روز پـــرست

هـــه‌ر هـــه‌فته بـــخۆ شـرابـی ڕه‌نگـدار
له ده‌ست ده‌ر نه‌که‌ی جومعه سه‌د زینهار
له لای من جومعه و شه‌ممه وه‌ك یـه‌کـه
یـــه‌زدان‌پـــه‌رستم نـــه وه‌ك ڕۆژگـــار!

٩٠

ساقی قدحی کـه کـار عـالم نـفسی است
گر شادی ازو یك نفس آن نیز بسـی است
خوش باش به هرچه پیشت آید که جـهان:
هرگز نشود چـنان‌چه دلخـواه کسـی است!

شـه‌رابـێ، دنـیا هـه‌ر یـه‌ك نـه‌فه‌سه
یـه‌ك نـه‌فه‌س شـادی له‌لای مـن بـه‌سه
چوون هات گه‌ردشی گه‌ردوون، بسـازه
چونکه چه‌رخی چه‌رخ به‌رعه‌کسی که‌سه

۹۱

زان پیش که از زمانه تابی بخوریم
با یکدگر امروز شرابی بخوریم
که این چرخ فلك به وقت رفتن ما را
چندان ندهد امان که آبی بخوریم!

بەرلەوە یەك یەك لەدنیا بڕۆین
ئەمڕۆ پێکەوە شەرابێ بخۆین
وەختی ڕۆینمان چونکە ئەم چەرخە
وچانمان نادا دەم و چاو بشۆین!

٩٢

یـــارب تـــو کـــریمی و کـــریمی کـــرم است
عـــاصی ز چـــه رو بـــرون ز بـــاغ ارم است
بـــا طـــاعتم ار بـــبخشی آن نـــیست کـــرم!
بـــا مـــعصیتم اگـــر بـــبخشی کـــرم است

بـــه‌خشنده‌گـــی تـــۆ له عـــاله‌م بـــاوه
عـــاسی له بـــه‌هه‌شت بـــۆ ده‌رکـــراوه؟
به‌هه‌شت به تاعه‌ت له کـــوێ بـــه‌خشینه؟
له‌گـــه‌ڵ گـــوناهدا بـــه‌خشین، تـــه‌واوه

۹۳

گـر گـل نـبود نـصیب مـا خـار بس است
ور نـور بـه مـا نـمی‌رسـد نـار بس است
گـــر خـــرقـــه و خـــانقا، شـــیخی نـبود
نـــــاقوس و کـــــلیساو زنـــار بس است

ئـه‌گـه‌ر گـولّ نـه‌بێ هـه‌مه درِك و خـار
وه‌گـــه‌ر نـوور نـه‌بێ زۆره گـریه و نـار
خـــه‌رقه، خـــانقا، شـــێخم گـــه‌ر نـــییه
هـــه‌یه نـــاقووس و کـــه‌لیسا و زونـــنار

٩٤

برخیز، بـده بـاده چـه جـای سـخن است؟
که امشب دهن تنگ تـو روزیِ مـن است
مـا را چـو رخ خـویش مـیِ گـلگون ده
که این توبه‌ی من چو زلف تو پر شکن است

هـەڵسه شـرابێ، وەخت نـەماوه
دەمـی تـەنگی تـۆم ڕۆزی بـڕاوه
شـرابێ ئـاڵ بـێ، وەك گـوڵی کـوڵمت
تەوبەم وەك زوڵـفت: چین چین شکـاوه

٩٥

مـــی‌خوردن و گـــردی نـیکوان گـردیـدن
بـــەْ زان کـــه بـــه رزق زاهـدی ورزیـدن
گـر عـاشق مست دوزخـی خـواهـد بـود
پس روی بـــهشت کس نـخواهـد دیـدن!

شـــەراب نـــۆشین و هـاوشانی دولبـەر
چـاکـــتره له ڕیـای زاهـدی نـوێژکەر
گەرِ عـاشق و مـەست بـچنه جـەهەنم
بەهەشت چوڵ و هۆڵ، لەم سەر تا ئەوسەر

٩٦

تا کی ز چراغ مسجد و دودی کنشت؟
تا کی ز زیان دوزخ و سود بهشت
رو بر سر لوح بین که استاد قضا
اندر ازل آن‌چه بودنی بود نوشت

تاکه‌ی بۆ مزگه‌وت، یا بۆکه‌نشت چوون؟
تاکه‌ی بۆ به‌هه‌شت له دۆزخ ده‌رچوون؟
بڕۆ ببینه: سه‌ر له‌وحه‌ی قه‌زا
چی بوو له ئه‌زه‌ل نووسی، به‌رله‌بوون

۹۷

آن روز که توسن فلك زین کردند
و آرایش مشتری و پروین کردند
این بود نصیب ما ز دیوان قضا
ما را چه گنه، قسمت ما این کردند؟

ئه‌و ڕۆژه ئه‌سپی گه‌ردوون زین کرا
مشته‌ری و په‌روین ئارایش درا
هه‌رکه‌س به‌شی خۆی درایه ده‌ستی
گوناهمان چییه؟ وه‌ها به‌ش‌کرا!

٩٨

آنـــان کـه بـه کـار عـقل در مـی‌کوشـند
هیهات کـه جـمله (گـاو نـر مـی‌دوشـند)
آن بـــه کـــه لبـــاس ابـلهی در پـوشـند
کـــه امـروز بـه عـقل تـره مـی‌نفروشـند

ئـــه‌وانـــه کـــه وا بـــه بـــیر و هـــۆشن
هـــه‌موو خـــه‌ریکی: (نـێره بـیدۆشن)؛
عـــه‌قڵ ســه‌ر بـه ســه‌ر تـه‌ڕه‌پیاز نـاکـا
وا چـــاکـــه جـــلی ئـــه‌بله‌ه بـــپۆشن!

۹۹

بـــر مـــفرش خـــاك خـــفتگان مـــی‌بینم
در زیـــــر زمـــــین نـــهفتگان مـــی‌بینم
چـــندان‌کـــه بـــه صـــحرای عـــدم مـــی‌نگرم
نـــــاآمدگان و رفـــــتگان مـــــی‌بینم

لەســەر فــەرشی خــاك خــەوتوو دیــارە
لە ژێـــر زەویـــدا کـــەوتوو دیـــارە
کـــە دەشـــتی «عـــەدەم» ســـەرنجە ئـــەدەم
چـــین چـــین نـــەهاتوو و هـــاتوو دیـــارە

١٠٠

هـــر گـــه کـه طـلوع صـبح ازرق بـاشد
بـــاید بـــه گـــفت مـــی مـــروق بـــاشد
گـــویند در افـــواه کـــه حـــق تـلخ بـود
بـــاید کـــه بـدین دلیـل مـی حـق بـاشد

سـه‌ر له بـه‌یانه ده‌مـی شـه‌فه‌قه
له پـیاڵه و شـووشه هـه‌ڵسێنمه تـه‌قه
مـه‌شهوور و بـاوه: حـه‌ق تـاڵ و ڕه‌قـه
بـۆیه مـه‌ی تـاڵه، مـه‌علوومه حـه‌قه

۱۰۱

آبـــادی مـــیخانه ز مـی خـوردن مـاست
خـــون دو هـــزار تـوبه در گـردن مـاست
گـــر مـــن نکـنم گـناه رحـمت چـه کـند
آرایش رحـــمت از گـــنه کـــردن مـــاست

مـــه‌یخانه دایـم بـه مـن ئـاوایـه
خـــوێنی دوو هـــه‌زار تـــه‌وبه‌م له لایـه
من گوناه نه‌که‌م ڕه‌حمه‌ت چی ئـه‌کـا؟
ڕه‌حمه‌ت بێ گوناه چییه؟ چـی تـیایه؟

١٠٢

درده مـــی لعـــل لاله‌گـــون ای ســـاقی
بگشـــا ز گـــلوی شـــیشه خـــون ای ســـاقی
که امروز بـــرون ز جـــام مـــی نـــیست مـــرا
یك مـــــحرم پـــاك انـــدرون ای ســـاقی

ســـــاقی: شـــه‌رابـــی عـــقیق بـــنوێنه
له‌گه‌رووی شـــیشه ده‌ی خـــوێن بـــڕژێنه
بـــه غـــه‌یری جـــام و شـــه‌راب مـــن نـــیمه
هـــــاوڕازی دڵ پـــاك وه‌کـــوو ئـــاوێنه

١٠٣

صبح است دمی بر می گلرنگ زنیم
وین شیشه‌ی نام و ننگ بر سنگ زنیم
دست از امل دراز خود باز کشیم
در زلف دراز و دامن چنگ زنیم

بەیانە ساقی شەرابی گوڵڕەنگ
وردی کەین بە بەرد شیشەی نام و نەنگ
دەست لە ئومێدی ژاکاو هەڵگرین
بۆ زوڵفی لوول و بۆ دامانی چەنگ

١٠٤

زان مـــی کـــه مـــرا قـوت روانست بـده
زان گـر چـه سـرم بسـی گـران است بـده
بر نه به کفم قـدح کـه دهـر افسـانه است
و ایـــن عـــمر چـــو بـاد گـذرانست بـده

لەو مـــەیە جـــامێ قـــووتی ڕەوانـــە
بـــمدەرێ هـــەرچەن ســـەرم گـــرانـــە
دنـــیا وەکـــوو «بـــا» دێ، تـــێئەپەڕێ
بـــۆ دەردی دنـــیا هـــەر مـەی دەرمـانە

١٠٥

تـــا بـــتوانـــی رنـــجه مگـــردان کس را
بـــر آتش خشـــم خـــویش مـــنشان کس را
گـــر راحت جـــاودان طـــمع مـــی‌داری؟
مـــی‌رنـــج هـــمیشه و مـــرنـجان کس را

دڵئـــازار مـــه‌به، قـــه‌ت دڵ مـــه‌شکێنه
بـــه ئـــاگـــری ڕق، کـــه‌س مـــه‌سووتێنه
گه‌ر ئاسووده‌گی یه‌ك جـاریت ئـه‌وێ؟
خـــۆت بـــڕه‌نجێنه، کـــه‌س مـــه‌ڕه‌نجێنه

١٠٦

یك جـام شـراب صـد دل و دیـن ارزد
یك جـرعـه‌ی مـی مـملکت چـین ارزد
جـز بـاده‌ی لعـل نـیست در روی زمـین
تـلخی کـه هـزار جـان شـیرین ارزد

یـه‌ك پـیاڵه شـه‌راب سـه‌د دڵ و دیـنه
تـه‌نیا یـه‌ك چـۆڕی چـین و مـاچینه
له سـه‌ر ڕووی زه‌مـین تـه‌نها شـه‌رابـه
تـاڵێکه گـیانه؛ گـیانی شـیرینه

١٠٧

از آمـــدنم نـــبود گـــردون را ســـود
و از رفـــتن مـــن جـــمال جـاهش نـفزود
و از هـــیچ کســم نـیز دو گـوشـم نشـنود
که ایـن آمـدن، رفـتنم از بـهر چـه بـود؟

له هاتن غه‌یری ده‌ردی‌سه‌ر چی بـوو؟
له مردن غـه‌یری ده‌ربـه‌ده‌ر چی بـوو؟
له هیچ‌که‌س نه‌م‌بیست من به‌م دوو گوێیه:
ئه‌م هاتوچوونه‌ی من له‌بـه‌ر چی بـوو؟

۱۰۸

ای دل تو به ادراك معما نرسی
در نکته‌ی زیرکان دانا نرسی
